ئەگەر نەوەی ئادەم دوو دۆڵ پارە وسامانی هەبێت حەزی دەکرد دۆڵی سێیەمی هەبووایە

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر نەوەی ئادەم دوو دۆڵ پارە وسامانی هەبێت حەزی دەکرد دۆڵی سێیەمی هەبووایە، وهیچ شتێک سکی نەوەی ئادەم پڕ ناکاتەوە مەگەر خۆڵ نەبێت، وخوای گەورە تەوبە لە ئەوانە قبوڵ دەکات کە تەوبە دەکەن».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە ئەگەر نەوەی ئادەم دۆڵێکی پڕ لە ئاڵتونی هەبێت، ئەوا بەهۆی بەپەرۆشی وخۆشەویستی بۆ پارە وسامانی دونیا حەز دەکات دوو دۆڵی تریشی هەبێت، وبەردەوام مرۆڤ بەپەرۆشە لەسەر دونیا هەتاوەکو دەمرێت وناو لاشەی پڕ دەبێت لە خۆڵی گۆڕەکەی.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4963